# کەرکوک کێشەی سیاسیی نەتەوەیەکە، ساتوسەودا هەڵناگرێ!

خەتاب سابیر

ئاداری 2005

تێڕوانینی سیاسیی نەتەوەی سەردەست ، نەتەوەی زاڵ و داگیرکار هەمیشە دادەچۆڕێتە ناو تەواوی بونیادی سیاسیی زۆربەی ئەو نەتەوەیەوە کە دەسەڵاتی سیاسیی و سووکانی ژیان و بژێوی خەڵکی وڵاتیان بەدەستە، تەنانەت دادەچۆڕێتە ناو پێکهاتەی دەروونیی و بونیادی فیکریی ئۆپۆزیسۆنی دەسەڵاتیشەوە لە نەتەوەی سەردەست....

گەلانی جیاوازی عێراق ، بەنەتەوە جیاوازەکانییەوە، بە ئایینە جیاوازەکانییەوە، بە کولتوورو پێکهاتە سیاسییە جیاوازییەکانییەوە دووچاری ستەمی جۆراوجۆر بوونە، بەڵام نەتەوەی عەرەب لەعێراقدا بەسوننەو شیعەوە ، هیچ کاتێک ستەمی نەتەوایەتیی لەسەر نەبووە، لەدروستبوونی عێراقی نوێوە هەتا رووخانی رژێمی بەعس و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوە نەتەوەی کوردە لە کوردستانی باشووردا کە لکێنراوە بەعێراقی عەرەبییەوە، لەیەکەمین هەنگاوی چێکردنی عێراقدا ستەمی نەتەوایەتیی لەسەر بووە ، کەمە تازۆریش نەتەوە جیاوازەکانی تر لەچەشنی تورکمان و کلدانیی و ئاشوورییەکان و ئەرمەنییەکان و ........هتد هەمان ستەمیان لەسەر بووە، بەڵام هیچ کاتێ ،ئەو ستەمانە بە ئەندازەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کورد نەگەیشتووە.

ستەمێک کە لەسەر عەرەبە شیعەکان هەبووە، ستەمی مەزهەبیی بووە زیاتر و لەچوارچێوەی فیکری سیاسیی و مەرجەعیاتی ئایینی وسیاسیی جیاوازەوە بووە، نەک لە ڕوانگەی ئەوەوە کە دانیشتوانی باشووری عێراق ،عەرەبی ڕەسەن نەبوون ، هەرگیزیش ناکرێ هەمان ستەمگەلێک لەسەر کوردی باشوور هەبوونە ، بەراورد بکرێن بەستەمگەلێک لەسەر شیعەکان هەبوونە ، قەبارەی زیان و قوربانییەکانی گەلی کورد ، لەچاو قوربانیی و زیانی شیعەکان لەسەر دەستی رژێمی تیاچووی بەعسدا ، ئەگەر رێژەی زۆری عەرەبی شیعە بەراورد بکرێ بە ڕێژەی کەمی کورد لە عێراقدا ،چەندین جار قوربانیی و زیانەکانی کورد لە شیعەکان زیاترە.

ئێستا سەروبنی قسەی سەرکردایەتی ئیلیتی سیاسیی کورد و تەواوی گەلی کورد بووەتە باس لەسەر پشکی سیاسیی کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکان... ئەمە ڕاژەنینی بیری ناسیونالیستیانەی کورد نییە، وەکو هەندێ کەس بەناوی چەپی کوردستانەوە مۆرکی ناسیۆنالیستانەی لێدەدەن، ئەوەندەی خواستێکی جەماوەریی و سیاسیی هەنووکەییە بۆ سەرجەم بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد و چارەنووسی سیاسیی گەلی کورد لە عێراقی عەرەبیدا. گەلی کورد ئەگەر کەرکوکی لەدەست بچێ، خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسیی تەواوی نیو سەدەی ڕابردووی بەفیڕۆ دەچێ، کە دەگوترێت، کەرکوک هێڵێکی سوورە بۆ هەموو سەرکردەیەک و هەموو حیزبێکی سیاسیی و هەموو تاکێکی کورد تەنها گاڵتە

و قۆشمەیەکی سیاسیی و هەرایەکی سەرپێیی و ڕۆمانسییەت و یاسەمینیی بوون لەسیاسەتدا نییە، ئەوەندەی دەربڕی ڕاستەقینەی ناخی سیاسیی زۆربەی هەرەزۆریی گەلی کوردە.

کەرکوک و کوردستانیی بوونی کەرکوک و داهاتووی سیاسیی ئەو شارە و ناوچە تەعریبکراوەکانی تر، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕەنێوهێنانی سیاسیی خەباتی دوورو درێژی گەلی کوردەوە هەیە، ئەوەندەش زیاتر پەیوەندی بە نەوەکانی داهاتووی گەلی کوردەوە هەیە، نەوەکانی داهاتوو چۆن لێمان قبووڵ دەکەن ، کەرکوک بدۆڕێنین ، گەلی کورد بەگشتی و کوردی باشوور بەتایبەتی گەورەترین کارەساتی مێژوویی بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار دەکات ، ئەگەر چارەنووسی سیاسیی و جوگرافیی و ئیداریی شاری کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکان بەزووترین کات ساغ نەکاتەوە.

ساغکردنەوەی هەلومەرجی سیاسیی شاری کەرکوک، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە جیرپی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەو پێداگرتنێکی سەرسەختانەی گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانییەوە، ئەم ئەمانەتە سیاسییە گەورەیەش ڕاستەوخۆ زۆرترینی دەکەوێتە سەر شانی هەردوو حیزبی سەرەکیی کوردستان ، هەریەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت ، ئەو ڕاستییە بزانن ، دڵسۆزترینیان ئەوەیە کەبە دروشم و بەکردەوە، هاوخەت بێت ، لەپێناوی بەرژەوەندیی سیاسیی حیزبەکەیدا پشکی کەرکوک نەخاتە دواوە و خاووخلیچکی نەنوێنێی لە هەڵوێستە سیاسییەکانیدا لەمەڕ گەڕاندنەوەی کەرکوکدا.

زۆرترین تەعریب کە لە ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیاندا کراوە ، نابێ بەهیچ شێوەیەک قورسایی سیاسیی و جەماوەریی هەریەک لە پارتی و یەکێتی بەئەندازەی سەرە دەرزییەکیش خاو بکاتەوە لە ئاست کێشە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانیدا . هەموو کەس ئەو ڕاستییە دەزانێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان، جەماوەرو پێگەی کۆمەڵایەتی کەمترە لەوناچەکانی کەرکوک و گەرمیاندا لەچاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، پارتی لەهەموو کەس باشتر ئەم ڕاستییە دەزانێ، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە دەبێت پارتی وەکو ئۆبجەکتیڤێکی سیاسیی بتوانێ ئەمە هەرس بکات. ئازایەتی پارتیش لەوەدا دەبێت ، زیاتر مکوڕ بێت و خەباتێکی بێ پسانەوەو سیاسەتی قبوڵکردنی بەرامبەر پەیڕەو بکات، یەکێتیش دەبێت بە قورسایی جەماوەرییەوە بوغرا نەبێت و دەسەڵاتی ناوچەکانی کەرکوک قۆرغ نەکات بەتەنیا و حیزبە سیاسییەکانی تر بخاتە کەنارەوە .

پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە ناسراوە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کە ڕاگەیاندنی ئاگراوی و توندوتیژ دەدات لەسەر دۆزی کەرکوک و هەڵوێستی داگیرکارانەی دەوڵەتی تورکیا و حیزبە عێراقییەکاندا، ئەمە بۆخۆی سەرمایەیەکی سیاسیی و دیرۆکێکی پرشنگداری پارتی بووە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بەڵام ئەوەی کە لەوە گرنگترە ئەوەیە، تا چەندێک بە کردەوە ئەو وتار و دروشمانە وەردەگێڕدرێتە سەر پراکتیک و کاریان پێدەکرێ . ئەوەی لەبواری پراکتیکدا بینراوە لە پارتی جێگەی دڵخۆشیی نییە، پارتی لەمەودوا هەرکارێک بکات بۆ دۆزی سیاسیی کەرکوک و گەرمیان ، زیاتر لە پێش هەڵبژاردنەکان بەخزمەت و خەبات و دڵسۆزیی بۆی تۆمار دەکرێ ، چونکە هەڵبژاردنەکانی کوردستان ،ئەفسانەی حیزبی قائیدی ژێراوژوور کردەوە، هەریەک لەیەکێتی و پارتی

دەبێ ئەوە شەرابەیان پێ قووت بدرێ ، کە لەداهاتوودا دەیبەنەوەو دەشیدۆڕێنن ، بوون بەئۆپۆزیسیۆن نەک لەکە نییە، بەڵکو دەکرێ لە ئۆپۆزیسۆن بووندا زیاتر خزمەت بکەیت تا ئەوەی لە دەسەڵاتدا بیت، هەر ئەو خزمەتەشە دەتهێنێتەوە دەسەلات و ئەمەش بەشێکە لەحیکمەتی قبوولکردنی بەرامبەرو مەغزای دیموکراسیی!.

هەرکاتێک باسی کێشەی کەرکوک دەکرێت، ناکرێ تەعریب نەکرێت بەیەکێک لەسەرەکیترین تەوەرە گرنگەکانی پرسی کەرکوک، چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لەنێوان گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراقدا بەهەموو حیزبە جۆراوجۆرە ئیسلامیی و ناسیۆنالیستەکانییە ، ڕاستەوخۆ لە دڕکێکەوە دەست پێ دەکات کە لەسەر گۆی دڵی گەلی کوردستان چەقێنراوە، تەعریب ئەو شێرپەنجەیەیە لەجەستەی کورددا کەبەبێ هەڵکێشانی لەڕەگەوە هیچ چارەسەرێکی سیاسیی تر جێگای ئاشتییەکی دوورمەودا ناگرێتەوە ، تەعریب ئەوەندە سیاسەتێکی دڕندانەو دژی مرۆڤایەتییە ، ئەوەندە سیاسەتێکی شۆڤینیستانەو هێجەمۆنیانەیە ( Hegemony-پاوانخوازیی ) ، بۆیە تەواوی گەلی کوردستان لەهەموو پارچەکانی کوردستان و لەناو تەواوی کۆمیونیتی کورددا لەسەرانسەری دنیادا نەک هەر دژایەتی دەکەن، بەڵکو خوازیاری هەڵتەکاندنەوەین لەبنج و بنەوانییەوە، بەواتایەکی تر نزیکەی پەنجا میلیۆن کورد دژی سیاسەتی تەعریبە و داواکاری دەستەبەجێی هەڵوەشاندنەوە و جێگیرنەبوونی ئەو سیاسەتە دەکات.

لێرەوەیە ، گرنگی سیاسیی و بایەخی مێژوویی لەڕەگوڕیشەوە هەڵتەکاندنی سیاسەتی کاولکارانەو بەرنامەڕێژکراوی بەعس بۆ گەلی کورد، مرۆڤ هەرچەند ورد دەبێتەوە لە سیاسەتی حیزبە عێراقییە عەرەبییەکان و تێیان دەڕوانێت، جیاوازییەکی ئەوتۆیان تێدا نابینێت لەمەڕ کێشەی کەرکوک و تەعریبدا.عەرەبەکانی عێراق بە ئیسلامییەکی میانڕۆ و ئیسلامییەکی وەهابیی و شیوعییەکی پێشکەوتووخوازو لیبراڵێکی هاوچەرخ و سکۆلارێکی مۆدێرن و شێخێکی دیوەخان و دەستفرۆشێکی سەرشۆستە...هتد ، هەموویان یەکدەنگن ،یەکڕەنگن ، یەکهەڵوێستن بەکەمێک پێچ و پەناو قسە بادان و هونەری دیپلۆماسیی جیاواز جیاوازەوە لە ئاست کەرکوکدا.

ناکرێ ڕۆڵی دەیان نووسەرو پسپۆری عەرەب لە بوارە جیاجیاکان لەبەرچاو نەگیرێت لەچەشنی د.مونزیرلفەزڵ و کازم حەبیب و کەنعان مەکییەو زوهێر کازم و........هتد. بەڵام هەموو ئەو نووسەرو ڕووناکبیرە شەریفانەی عەرەب ، ناتوانن ڕووی دزێویی هەژموونی شۆڤینیزمیی عەرەبیی سپی بکەنەوە لە ئاست تاوانگەلێک کە بەرامبەر بە تاکی کورد و نەتەوەی کورد کراوە لەشاری کەرکوکدا. ڕژێمی بەعس ئەوەندە ئاوێکی شۆڤینیستانەی لە سیاسەتی تەعریبدا ڕشتووە، تەواوی شیعەکان، بە سیستانی و حەکیم و جەعفەریی و عەلاوییەوە دەستنوێژی پێ هەڵدەگرنەوە، تەواوی عەرەبی سوننەی عێراق وەکو موفەڕک سیاسەتی تەعریب لەیەخەی خۆیان دەدەن و پارێزگاری لێدەکەن،بەشێکی زۆریش لە شیوعیی و چەپەکانی عێراق لەژێر ناوی ئینسانیی بوون و شاریی هەمووادا پاکانە بۆ

سیاسەتەکانی بەعس دەهێننەوە ، مکوڕن لەسەر هێشتنەوەی تەعریبەکان بە ڕۆمانسییەتی چەپبوون و مارکسیی بوونەوە.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد و تەواوی ئازادیخوازانی کورد و هەموو ئەو دەنگانەی خۆیان بەئۆپۆزیسیۆنی دەسەلاتی سیاسیی یەکێتی و پارتی دەزانن، لە سەر مەسەلەی کەرکوک ، هاوڕابن ، تەنانەت گوشار بخرێتە سەر یەکێتی و پارتی کە دانوسان نەکەن لەسەرکەرکوک و تەنازولاتی سیاسیی نەکەن... دەکرێ لە سەر پۆستە سیادییەکان و کورسییەکانی خۆیان پاشەکشە بکەن ، بەڵام ناکرێ یاری بەچارەنووسی سیاسیی و جوگرافیی شاری کەرکوکەوە بکرێ...

چۆن شیعەکان ئامادە نین لەسە مەسەلە مەبدەئییەکانی خۆیان قولانجێک بێنە خوارەوە،کوردیش دەبێ لەسەر کەرکوک هەموو توانای سیاسیی خۆی بخاتەگەڕەوەو کەسیش ئەو جورئەتە بەخۆی نەدات بەناوی هەڵبژاردن و شەرعییەتی یاسایی هەڵبژاردنەوە کەرکوک بە دوارۆژێکی نادیار و تەمومژاویی بسپێرێت.

ڕاستە لەسیاسەتی ئەمڕۆدا ، ئەو لۆژێکە بەسەر چووە (یان هەمووی بۆ من یان هیچم ناوێ )، بەڵام هاوکاتیش ناکرێ خەباتی نیو سەدەی گەلی کورد بەچەند مانگێک و بەچەند بەڵێنێک و چەند پێکەنینێکی دیپلۆماسییانە ڕادەستی داهاتوویەکی تەمومژاویی بکرێ!. ئیلیتی سیاسیی کورد دەبێ زۆر بەیاخەوە بڕوانێتە گرنگی ئەو بالانسەی کە تورکمان هەیەتی لەشاری کەرکوکدا ، تورکمانەکان کە دەچنە پاڵ شیعەو ئامادەشن بچنە پاڵ بەعسییەکانیش ، بەڵام لەگەڵ کورددا هاوکاریی ناکەن، تەنها بەوە لێک نادرێتەوە کە ئەوان تورکیا هەڵیان دەسوڕێنێ و خەونی تۆرانیی لە مێشکیاندا جۆلانە دەکات، بەڵکو کەمتەرخەمیی دەسەلاتی سیاسیی کوردیشی تیادایە...کورد لەماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە کلێشەیەکی تەبایی و پێکەوەژیان بخاتە ناو دەروونی گەلی تورکمانەوە ، ئەوەی کراویشە لەلایەن هەردوو حیزبی کوردییەوە ، کاری ژێربەژێرو موخابەراتیی بووە جا یان لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا ، یان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا و هەمووشیان زیانیان بەکورد گەیاندووە ، ئەگەر سوودێکیشی هەبووبێت ، سوودێک بووە بۆ حیزب بووە ، بۆ گەلی کورد نەبووە .

هاوکاتیش ، دەبێ زۆر بەورییایییەوە دڵی هەزاران عەرەبی دانیشتووی ناوچەکانی کەرکوک ، ئەوانەی زۆر لەکۆنەوە لەو دەڤەرەدا نیشتەجێن ، نەڕەنجێنرێت و کارێکی وا نەکرێت کە بچنە پاڵ لەشکری ئیستیتانییەکانەوە. جیاکردنەوەی عەرەبە دێرینەکانی ئەو دەڤەرەوە تورکمانەکان لە بەرەی ئیستیتانیی تەعریب ، ئەرکێکە دەبێت زۆر کارامەیی و سەلیقەی وردیی تیابەکاربهێنرێت . لەهەمان کاتیشدا ، هیچ فاکتەرێک بەئەندازەی فاکتەری کات ، گرنگ نییە لەسیاسەتدا، لەسیاسەتدا بەهیچ شێوەیەک ئەرکی ئەمڕۆ نابێت بخرێتە سبەینێ ، دواخستنی ئەرکە هەنووکەییە گرنگەکان، باجدانی سیاسیی و ماددیی و گیانیی و مرۆیی بەدواوە دەبێت. کورد هەلێکی بۆ ڕەخساوە کە جارێکی تر ئەستەمە ئەم هەلەی بۆ بڕەخسێتەوە. کورد لە لووتکەی دەسەلات و هێزدا نەتوانێ داخوازییە سەرەکییەکانی خۆی بەسەر بەرەی پەرشوبلاوی شیعەکان و حکومەتی داهاتووی عێراقدا بسەپێنێ ،

ئەستەمە لە سبەی ڕۆژی پەڕوباڵکردنی دەسەڵاتی کوردیدا بتوانرێ شتێکی پێ بکرێ. ئەگەر لەسیاسەتی نوێدا سەپاندنیش برەویی نەمابێت، گونجاندن نۆرمێکی نوێیە بۆ ئەوەی منی کورد، تۆی کورد ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت بگونجێین لەگەڵ عەرەبی عێراقیدا ، لەکەرکوکێکی پاککراو لەتەعریب و نۆرماڵیزەکراو لە ڕووی جوگرافیی و ئیداریی و سیاسییەوە .

بۆ ئەوەی کەرکوک و گەڕاندنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان و لەهەمووشیان گرنگتر سڕینەوەی پاکتاوی نەژادیی چیتر دوانەخرێ ، دەبێ کورد پەندی لە مەتەڵی فیدراڵیی وەرگرتبێ ، کەلەنێوان لەندەن و سەری ڕەش و ناسرییەدا کاروان سەرای بوو ، بێ ئەوەی کورد بتوانێت ،لەو هەموو ماوەیەدا حیزبە عێراقییەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن ، یان وردتر بڵێم حیزبە عەرەبییە هەمە ڕەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆن فێری پێناسەکردنی فیدراڵیزم بکات. ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، هەر حیزب و لایەنێکی عێراقی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی فیدراڵیزم توێکاریی دەکات، من پێم وانییە حیزبە عێراقییەکان لە نەزانیی و جاهیل بوونیانەوە ، فیدراڵیزم جوان و ڕێکوپێک باس ناکەن، بەڵکو بەرچاوتەنگیی شۆڤێنیستیی نەتەوەیی و دەمارگیریی ناسیۆنالیستانەیان هەر ئەوەندە مەودایان دەدات کە تا ئێستا وتویانە.

لەسبەی ڕۆژدا هەموو گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی ، لە یەکێتی و پارتی دەپرسن، خۆگیڤکردنەوە سیاسییەکانتان و هەڵشاخانتان بە دەسەڵاتی سێنتراڵیدا چەند ڕۆژێک بڕی کردو بە چەند دیدارێک و چەند تەلەفۆنێک و چەند بەڵێنێکی ژێر بەژێر ، لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان هەنگاوێک بۆ پێشەوە چوون ، دووان بۆ دواوە هاتن، کورد سەرۆکی حکومەتی عێراقی بۆچییە!، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بۆچییە! ،ئەگەر نەتوانن کەرکوک ئاسوودە بکەن و شاری سیمبوڵ و بەرگریی نەتەوەیی کورد یەکلابکەنەوە، کورسیی و دەسەڵات و پارە بەچیی دەچێت ، ئەگەر کۆمەڵێک مەلاو ئاخووندی سیاسیی بتوانن قەناعەتم پێ بێنن و کەرکوک و ژانەکانی کەرکوک بخەمەوە ڕیزی چاوەڕوانیی و بێ ئاسۆیی. نزیکەی دوو میلیۆن ئیمزای ڕاپرسییە نافەرمییەکەی ڕیفراندۆم ، بۆ ئەوەبوو کە کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد شێروڕێوی بۆ ئەمەیان دەهێنێتەوە ، ناتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە دوو میلیۆن ئیمزا ڕازیی نین لای کەم ،ساتوسەودای ژێربەژێر لەسەر کەرکوک بکرێ. چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک ، گرنگییە مێژووییەکەی لەوەدایە، ڕێ لەشەڕی نەتەوە جیاوازەکان دەگرێ لە دەڤەری کەرکوکدا، یان لای کەم زۆر زۆر ئەو گریمانە دەهێنێتە خوارەوە،گوڕوتینێکی سیاسیی گەورەش دەدات بەبزوتنەوەی ڕیفراندۆم لەداهاتوودا و داهاتوویەکی پرشنگدارو گەشیش بۆ نەوەکانی داهاتوومان تۆمار دەکەین و ئەرکێکی مێژووی گەورە لەکۆڵ خۆمان دەکەینەوە .